# کرۆنۆلۆژیای کوردستان

**1923.07.24**

قەراردادی لۆزان: ئەو قەرارداده جیاوازیەکی زۆری لەگەڵ قەراردادی سیڤەر دا هەیە. هێزه یەکگرتووەکان لە دانیشتنێکدا لەگەڵ تورکەکان ئەوەیان پێ دەسەلمێندرێ کە دەوڵەتی مستەفاکەمال بەرەسمیت بناسرێ . لەو دانیشتنەدا تورکەکان بەنێوی کوردەکان قسە و پێشنیاراتی خۆیان دەردەبڕن و وای دادەنێن کە دەوڵەتی تورکی یەکدەستە و ئیدی قسە لە سەر میلڵەتێک وەکو کورد پێویست ناکا!! تەنیاقسە لەسەر کەمایەتییە ئاینیەکان دەکردرێ و قەولی ئازادبوونی ئەوان دەدرێ .
هەر لەویشدا کوردستان بەسەر چوار دەوڵەتی تورکیە, عیراق, ئێران و سوریە دابەش دەکەن . **بەوجۆرە بۆ دووهەمین جار بە رەسمی کوردستان دابەش دەکردرێ.**